وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە: ٣٤٧٧ لە ٢٠١٦/٢/١٧

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددە (٣)ی بڕگەی (١) لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ وبڕگە (١) لەبەر بەرژەوەندی گشتی و دوابەدوای ڕێنماییمان بە نووسراومان ژمارە (٨٢٢١) لە ٢٠١٣/٨/٢١ کە لە ژمارە (١٦١ لە ٢٠١٣/٤/٣٠) بڵاو بۆتەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان و ئاماژە بەهەمواری یەکەمی ئەم ڕێنماییە بەنوسراومان ژمارە (١٤٩٢٣) لە ٢٠١٣/٧/٧ کە لە ژمارە (١٦٨ لە ٢٠١٣/٨/٦) بڵاو بۆتەوە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم هەموارە:-

**بەیانی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٦**

**هەمواری دووەمی ڕێنمایی تایبەت بە کاری موختارەکان**

-١

أ- هەموارکردنی برگە /٧ لە سێ یەم لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

سێیەم:

٧- ئاستی خوێندەواری ( نوسین خوێندنەوە ) ( يقرأ ويكتب ) بێت لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری موختار.

ب- هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (٥) سێیەم لە ڕێنمایی سەرەوە.

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)کاری پێ دەکرێت .

کریم سنجاری

وەزیری ناوخۆ